# یەکەم ڕۆتێری تایبەت بە وای-فای ٦

گەر بۆ بیست ساڵ لەمەوبەر بگەڕێینەوە، دەماندیت خێرایی ئینتەرنێت زۆر لە خواریێ بوو، تەنانەت بۆ کردنەوەی ماڵپەڕێکیش ماوەیەکی دەخایاند، ئەوە وانەبێ هەر پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبوبێت بەڵکو لە زۆربەی جیهاندا هەروابوو، بەرەبەرە تەکنەلۆژیا پێشکەوتوو و ئینتەرنێت خێراتر بوو، سیستەمی وای-فای کە بۆ گواستنەوەی هێڵی ئینتەرنێت سوودی لێوەردەگیردرێت، لە وای-فای دوو و سێوە بوو بە چوار و پێنج و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠یشدا دەگاتە بە وای-فای ٦، ئەم سیستەمە یانی دە جار خێراتر لە وای-فای ٥، ئەم سیستەمە هەر پەیوەندی بە خێراییەوە نییە بگرە بە ڕێژەی بەکارهێنەرانیشیەتی، بۆ نموونە ئەگەر ٢٠ کەس لە وای-فای٦ سوود وەربگرن، هیچ خێرایی ئینتەرنێتەکە دانابەزێت، دوای ئەوەش کە لە ئێستادا سیستەمی فیلم بە کوالیتی K4 هەیە بۆ سەیرکردن و دابەزاندنی ئەو جۆرە فیلمانە پێویستە ئینتەرنێتەکەت زۆر خێرا بێت..

کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ یەکەم ڕۆتێری تایبەت بە وای-فای ٦ بەرهەمهێنا، ئەم ڕۆتێرە بە Orbi Whole Home Wi-Fi System ناسراوە، دەتوانێ لە چرکەیەکدا بە گیکابایت ئینتەرنێت وەربگرێت.

هەرچەندە لەم سەردەمەدا ئەم سیستەمە نوێیە و ئەو ئامێرانەی کە تایبەتن بەو سیستەمە بەرهەم نەهاتوون، بۆ نموونە مۆبایلێك کە سیستەمی وای-فای ٦ وەربگرێ هەتا ئێستا بەرهەم نەهاتووە، ڕۆتێری ناوبراو جگە لە خێراییەکەی سنوور و مەودای بەڕێکردنیشی زۆر بەربەرینترە.



## لە ئایندەدا ت

مەسەلەی گواستنەوە و ڕاگواستن لە داهاتوویەکی نزیکدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا دێت، قەرەباڵغی و ترافیك لەسەر زەوی کەمدەبێتەوە و لە ئاسماندا زیاد دەبێت، ئۆتۆمبیلەکان لەبری شوستە و جادەکان بە ئاسماندا دەفڕن.. ئەگەر بتهەوێ لە شارێکەوە بەرەو شارێکی دیکە بڕۆی تەکسی ئاسمانی دەتگوازێتەوە. هەر لە ئێستاوە بۆ گەیشتن بەئامانجەش هەوڵ دراوە..

کۆمپانیای (بێل نیکسۆس) لە پیشانگای ساڵانەی CESدا تەکسیەکی فڕۆکی خستەڕوو، تەکسی فڕۆکە

## ئۆتۆمبێلی ڕۆبۆت بۆ فریاگوزاری



کەسێك لە گوندێکی دوورە دەست نەخۆش کەوتووە و ڕێگای ئۆتۆمبێلی نییە، یان یەکێك لە نێو ئاگردایە و ئۆتۆمبێل ناتوانێ بۆی بچێت، یا کەسێك لە شوێنێکی بەرزەوە تووش کێشە بووە و ئۆتۆمبێل ناتوانێت وەسەر کەوێت...تاد. لەکاتێکی وادا ڕەنگە ئەو بیرۆکەیەی کە هیوندا داهێناوە و واتە ڕۆبۆتی جۆری Hyundai Elevate ڕەنگە فریارەسێکی باش بێت. ئۆتۆمبێلێك کە وەك ئۆتۆمبێل دەڕوا و لە شوێنی دژواریشدا وەك مرۆڤ هەڵدەستێتە سەرپێ و بەپێوە دەڕوا و ڕێگا سەختەکان دەبڕێ..

ئۆتۆمبێلەکە وەك زیندەوەرە خشکۆکەکان دەچێت و تایەکانی گرێ گرێن و بە ڕێگا سەختەکاندا دەخوشێن، بەڵام لە ڕێگای قیردا وەك ئۆتۆمبێلێکی ئاسایی لێدێت.

بەڕێوەبەری هیۆندا لەمبارەوە دەڵێت، کاتێك کارەساتێکی سروشتی وەك زەوی لەرزە یا لافاو هەڵدەستێ، ئۆتۆمبیلێکی ئاسایی ناتوانێ لە شوێنەکە نزیك بێتەوە، بۆیە ئۆتۆمبێلی ڕۆبۆتی ناوبراو وەك فریاگوزارێك دێتە مەیدانەکە.. ئۆتومبێلەکە تەنانەت دەتوانێت لە دیوارێکی بە بەرزی ٥ مەتریش بچێتە سەرەوە.

# ئەڵقەی پەنجە لەبری پەنجەمۆر



ئەڵقە یان ئەنگوستیلەی هۆشمەند بە دوای بەرهەمهێنانی کاتژمێرە هۆشمەندەکاندا هەرچەندە گشتگیر نەبووە، بەڵام پێدەچێت لە داهاتوودا زۆر ئەرکی گرنگ ئەمنییەتی بە ئەستۆ بگرێ، بۆ نموونە لە بری کریت کارد، یا کردنەوەی دەرگاکان، یا هەڵگرتنی پاسۆرد و کۆدە نهێنییەکان...تاد. لەم دواییەدا ئەڵقەیەکی هۆشمەندی Motiv هەندێك تایبەتمەندی نوێی بۆ زیاد بوونە، وەك بەکارهێنان لەبری پەنجەمۆر و لێدانی دڵ..

ئێستا بەکارهێنەرانی ئەم ئەڵقەیە لەکاتی وەرزشدا دەتوانن هەست بە لێدانی دڵ بکەن، پێدەچێ لە رێگای لێدانی دڵیش بایۆمەتری پێ ئەنجام بدرێ. چونکە بەپێی رای پسپۆرانی ئەم بوارە لێدانی دڵی هەر کەسێك لەگەڵ یەکێکی دیکە جیاوازە و لە راستیدا چۆنییەتی لێدانی دڵ یەکێکە لە شێوازەکانی بایومەتری..



## ـــــــەکسی دەفڕن

لە شەش رۆتێر بۆ فڕین سوود وەردەگرێ، هێزی وزەی بەگەڕخەری فڕۆکەکە لە باتری و گاز (غاز)ە. کۆمپانیای ناوبراو رایدەگەیەنێ کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا تەکسی فڕۆك دەکەوێتە واری کردارییەوە.


تەکسیە فڕۆکەکەی (بێل نیکسۆس) بە EVTOL ناسراوە، هەرچەندە پێشووتریش هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەوڵ بدرێ ئۆتۆمبیلەکان لە زەوییەوە بەرەو ئاسمان بگوازنەوە و هەم کێشەی رێگاوبان نەیەتە پێش و هەم ئاسانکاری و خێرایی بۆ گەشتە کورت مەوداکان ئەنجام بدرێت.



## شاشەیەک بۆ



کۆمپانیای واکۆم لە پێشانگای ساڵانەی CES دا شاشەیەکی تایبەتی خستەڕوو کە بە جۆری Cintiq 16 دەیناسێنێ. ئەو شاشەیە تایبەتە بە توێژێکی تایبەت ئەویش ئەو کەسانەی کاری نیگارکێشان و شێوەکاری دەکەن و تازەکارن. شاشەی ناوبراو سەرووی ١٥ ئینجە. کوالیتی نیشاندانی زۆر بەرزە، قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە پێویستی بە



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك دەپرسێت هۆکاری چییە ئەو فایلانەی لە word دا دەیانکەمەوە دەقەکە هەمووی تێکچووە و بە جۆرێکە کە ناخوێندرێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز لە حاڵەتی ئاوادا هۆکارەکە بۆ چەند شت دەگەڕێتەوە، سەرەکیترین هۆکار نەبوونی ئەو فۆنتەیە کە دەقەکەی پێنووسراوە لە کۆمپیوتەرەکەتدا. ئەگەر کەسێك بابەتێکی بۆ ناردی یان بابەتێکت لە ئینتەرنێت داونلۆد کرد بەڵام ئەو فۆنتەت نەبوو کە دەقەکەی پێنووسراوە ئەوە کێشە دروست دەکات بە هێنانی فۆنتەکە کێشەکە چارەسەر دەبێت.

هۆکارێکی دیکە ئەوەیە سیستەمی کۆمپیوتەرەکە لەسەر ئەو زمانە نییە کە دەقەکەی پێنووسراوە، بۆ نموونە ئەگەر زمانی کۆمپیوتەرەکە لەسەر ئینگلیزی بێت و زمانەکانی ئاسیایی وەك عەرەبی و فارسی پێوە زیاد نەکرابێت، ئەوە کێشە دروست دەبێت، بۆیە دەبێ بچی سەر کۆنتڕۆڵ پەنەڵ و لەبەشی زمانەکاندا زمانی عەرەبی یان فارسی کە لە گەڵ فۆنتی کوردی نزیکن هەڵبژیری...

## هەر کۆمپیوتەرێک پێویستە ئەو پرۆگرامەی لەسەربێت

پرۆگرامی System Mechanic لە راستیدا تەنیا پرۆگرامێکی سادە نییە، بگرە پێنج پرۆگرامن کە پێکەوە هەر ئەرك وکارێکی پەیوەندی بە تێکچوون و خراپ بوونی کۆمپیوتەرەوە هەبێت چاکی دەکەنەوە، لە راستیدا وەك مەکانیك یان بە زمانی بازاڕی وەك فیتەرێك وایە بۆ کۆمپیوتەر و هەموو کێشەکانی کۆمپیوتەر چارەسەر دەکات. کێشەکانی وەك باشکردنەوەی پرۆگرامە تێکچووەکان، بردنەسەری کارایی سیستەم، کێشەی سستی و قفڵ کردنی کۆمپیوتەر، پاراستنی سیستەم لە ڤایرۆس و کرمی ئینتەرنێتی و هاککەر و سیخوڕەکان، جگە لەوەش خۆی ئەنتی ڤایرۆسێکی بەهێزە. سڕینەوەی فایلە زیادییەکان، لابردنی هەڵە و ئیرۆرەکان و خێرایی بەخشین بە هێڵی ئینتەرنێت ئەمانەش بەشێکی دیکە لە ئەرکی پرۆگرامەکەن.

گێڕانەوەی فایلە سڕاوەکان، وێنە و ئیمێلە و فایلەکانی دەنگ و وێنە، سڕینەوەی ئەو پرۆگرامانەی کە ناسڕدرێنەوە... بەگشتی ئەوەی پەیوەندی هەبێ بە گرفت و چارەسەری کۆمپیوتەر لەو پرۆگرامەدا کۆکراوەتەوە..







## کاتژمێرێکی زیـــ

**هیچ گومانی تێدا نییە تەکنەلۆژیای نوێ گرنگییەکی بەرچاوی بە جیهانی منداڵان داوە، هەم لە بواری راهێنان و بارهێنانەوە، هەم لە بواری ئەمنییەت و چاودێرییەوە..**

**کۆمپانیای coolPad کە بەشێك لە چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنەلۆژی تایبەت بە منداڵان چڕکردۆتەوە لەم ماوەیەدا کاتژمێرێکی زیرەکی بەرهەم هێنا کە بە جۆری Dyno ناسراوە. کاتژمێرەکە وەك ستایل و دیزاین وەك ئەو کاتژمێرە هۆشمەندانە ناچێت کە تا ئێستا بەرهەم هاتوون، کاتژمێرەکە بۆ منداڵانی ٤ هەتا ٩ ساڵییە، کاتژمێرەکە یارمەتی بەخێوکاری منداڵەکان دەدات کە هەمیشە لەگەڵ منداڵەکان لە پەیوەندی دابن.**

**قایشی کاتژمێرەکە دوو رەنگی شین و پەمەیی هەیە کە**

## شێوەكارەكان



شەحنكردنەوە نییە.

Cintiq 16 وەك ئاماژەی پێدرا بۆ ئەو كەسانەیە كە كاری هونەری شێوەكاری دەكەن، دەشكرێت بۆ كاری كارتۆن و ئەنیمەیشنیش سوودی لێوەربگیردرێت، چونكە رەنگەكان لە شاشەكە زۆر ورد و جوان نیشان دەدرێن، بەكارهێنەر لەكاتی پرێنتكردنیشدا بەرهەمە هونەرییەكەی وەك خۆی چاپ دەبێت.



## سایتێک بۆ بەراوردنی نێوان كامێراكان

ئەگەر نیازت هەیە كامێرایەكی نوێ بكڕی، بەڵام لە نێوان ئەو سەدان جۆرە مۆدێل و جۆری كامێرایەدا كامیان هەڵبژێری سەر لە سایتی. dpreview.com بدە، لەو سایتەدا دەتوانی ناوی كامێرای مەبەستی خۆت بنووسی و تایبەتمەندییەكانی بزانی. لە بەشێكی دیكەی ماڵپەڕەكەدا كە تایبەتە بە بەراوردكاری لەنێوان كامێراكان دەتوانی ٢٠ كامێرا پێكەوە بەراورد بكەی و تایبەتمەندییەكانیان بزانی. بەراورد كارییەكە بەشەكانی وەك فۆكس، زۆم، كوالیتی، خێرایی، دەگرێتەوە.. ماڵپەڕەكە تەنیا لەنێوان كامێراكاندا بەراوردكاری ناكات بگرە لەنێوان عەدەسە، ئامێری لاوەكی كامێرا، پرینتەریشدا بەراوردكاری دەكات. بۆ كامێراوانی پێشەیی پێویستە بەر لە كڕینی كامێرا لەو سایتەدا هەڵبژاردنی خۆی بكات.




## هیدفۆنێكی وەرزشی تایبەتمەندییە گرنگەكانی

هیدفۆن ئەو ئامێرە بچووكەیە كە دەنگی مۆبایل یا ئامێرێكی دیكە راستەوخۆ بۆ گوێ دەگوازێتەوە و بەو هۆیەوە كێشەی دەنگی بۆ دەوروبەر دروست نابێت، یان لەكاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلدا دەكرێت بەبێ گرفت وەڵامی پەیوەندییەكانی پێ بدەیەوە..

هیدفۆنی وەرزشی بەم هیدفۆنانە دەگوترێت كە لەكاتی وەرزشكردندا سوودیان لێوەردەگیردرێت و دەكرێت بەهۆی هیدفۆنەكەوە گوێ لە رێنماییەكانی راهێنەر بگری..

هیدفۆنی FLASH تایبەتە بەوانەی وەرزش دەكەن، وایەرلەیسە، بە تەڕبوون و كەوتنە ناو ئاو تێكناچێت، بۆیە ئەگەر بارانیش لەكاتی وەرزشكردندا بباریێ كێشە دروست نابێت، لە كەیسەكەی خۆیدا شەحن دەبێتەوە و هەتا ٢٠ كاتژمێر شەحنی دانابەزێت، تایبەتمەندی گرنگی هیدفۆنەكە لەوەدایە ئەوكاتەی كە وەرزش دەكەی دەتوانی گوێ لە رێنوێنی راهێنەر بگری و هەر لەوكاتەشدا گوێ بدەی لە ئاوازێكی خۆشیش بگری. بۆ ئەوەی بەكارهێنەر تووشی كارەساتی مەترسی هێنەری وەك پێكدادان نەبێت، دەنگی ئۆتۆمبیل و ئەو دەنگانەی لە بەكارهێنەر نزیك دەبنەوە بەرز دەكاتەوە تا بەكارهێنەر هۆشیار بێتەوە.



## ...رەک بۆ زارۆكان

تایبەتن بە منداڵانی كوڕ و كچ. منداڵان خۆیان دەتوانن دەستكاری ستایلی ناو كاتژمێرەكە بكەن. كاتژمێرەكە وەك هەموو كاتژمێرە زیرەكەكان توانای ژماردنی هەنگاوەكان، سیستەمی GPS و لەوانەش گرنگتر ناردنی كورتە پەیام و پەیوەندی لەگەڵ بەكارهێنەرانی هەیە، داك و باوكان بە ئاسانی دەتوانن شوێنی دروستی منداڵەكانیان ببینن، كاتژمێرەكە بۆ مۆبایلی ئەندروید و iOS ئاپی تایبەتی خۆی هەیە، لە كاتژمێرەكەدا دەكرێت مەودایەكی سنووردار دابنێی و دەرچوون لەو مەودایە وەك هێڵی سوور نیشان بدرێ، بۆ نموونە ئەگەر دایك و باوكان نایانەوێ منداڵەكانیان بچنە چەند شوێنێكی دیاریكراو یان مەودایەكی جوگرافی سنوودار، دەكرێت شوێنەكە وەك هێڵی سوور دابندرێ، ئەگەر لەو بازنە دەرچوو زەنگی هوشیاركردنەوە لێبدرێ..